زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# (ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەناساندنی زاری کوردی ناوەڕاست کەناڵی (K٢٤) بە نموونە)

پرۆژەی دەرچوونە پێشکەش بە بەشی (زمانی کوردی) کراوە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی


ئامادەکراوە لە لایەن:

**(فاطمە محمد غریب زێدان)**

بەسەرپەرشتی:

**م. تریفە محسن احمد**


**نیسان - ٢٠٢٤**

## سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- **سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان**
- **سوپاس و پێزانینم بۆ (م.تریفە محسن) کە یارمەتی دەرم بوو بۆ ڕێکخستنی توێژینەوەکەم**
- **سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو کەسانەی هاوکاریان کردم**
- **سوپاس و پێزانینم بۆ باوک و دایکی خۆشەویستم کە منیان گەیاندە ئەم ڕۆژە**

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| سوپاس و پێزاین | أ |
| ناوەرۆک | ب |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم | ٢ |
| تەوەرەی یەکەم | ٢ |
| ١- چەمک و پێناسەی ڕاگەیاندن | ٢ |
| ٢- ئەرکەکانی ڕاگەیاندن | ٤ |
| ٣- زمانی ڕاگەیاندن | ٥ |
| ٤- تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن | ٦ |
| - تەوەری دووەم | ٧ |
| ١ - چەمک و پێناسەی دیالتکت | ٨ |
| ٢- جورەکانی دیالتکت | ٨ |
| ٣- هۆیەکانی پەیدا بوونی دیالتیکت | ٨ |
| ٤- دابەشکردنی دیالتکتە کوردیەکان | ٩ |
| بەشی دووەم | ١٠ |
| ١- زمان لەنیوان دیالیکتەکان و ڕاگەیاندندا | ١٠ |
| -ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ناساندنی دیالیکتی کوردیی ناوەراست لە ڕێگەی | ١١ |
| ١- ڕاگەیاندنی بینراو | ١١ |
| ٢- ڕاگەیاندنی نوسراو | ١١ |
| ٣- ڕاگەیاندنی بیستراو | ١٢ |
| ٢- ڕۆڵی ڕاگەیاندی بیستراو لە ناساندنی دیالێکتی کوردی ناوەراست | ١٢ |
| ئەنجام | ٢٤ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٥ |

## پێشەکی

پیشەکی ئەم تویژینەوەیە لەژێر ناونیشانی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ناساندنی زاری کوردی ناوەراست کەنالی(٢٤ K ) بە نموونە . هۆکاری سەرەکی لە هەلبژاردنی ئەم بابەتە دەگەریتەوە بۆ گرینگی پیگەی ڕاگەیاندن لەناو کۆمەڵگا ، ئەمەش دەبیتە هۆی بلاوبوونەوەی زمان بە زار و شیوەزارە جیاوازەکان. سنوری لیکولینەوە کە لە چوارچیوەی ناساندنی زمانی کوردی – زاری ناوەراستە، هەروەها تایبەتکراوە بە بواری ڕاگەراندن، کە تیدا پرۆگرامی (زمانێ مە)م وەرگرتووە لەکەناڵی( K٢٤ ) و لە لایەن ( عزەدین زەکیزادە ) پیشکەش دەکرێت لە کۆی دە پرۆگرام تەنها پێنج پروگرام وەرگرتووە بۆ  پراکتیزە کردنی توێژینەوەکەم کە پروگرامیکی هەفتانە بوو لە ١٦ – ١١ – ٢٠٢٢ تاوە کو ١-٢-٢٠٢٣ بەردەوام بووە.

١-١ ڕیبازی تویژینەوەکە:

لەم تویژینەوە ریبازی وەسفی شیکاریمان گرتوتەبەر، بۆ دەرخستنی لایەنە تیورییەکانی توتیژینەوەکە و دواتر ناساندنی زمانی کوردیی زاری ناوەراست و پیگەی لەناو ڕاگەیاندندا ڕیبازی وەسفی- شیکاری بەکارهاتووە.

١-٢ ناوەرۆکی تویژینەوەکە:

بە گشتی تویژینەوە کە لەپێشەکی و دوو بەش و ئەنجام پێکدێت:

### بەشی یەکەم

ئەم بەشە لەدوو تەوەرە پیکدیت، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لەڕاگەیاندن و ئەرک و زمانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن ، و لەتەوەرەی دووەمدا باس لە دیالێکت و جۆرەکانی و هۆیەکان و دابەشبوونی دیالیکت دەکەین.

### بەشی دووەم

لەم بەشەدا باس لە زمان دەکەین لە نێوان دیالیکت و رایگەیاندن و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ناساندنی دیالێکتی کوردی ناوەراست، و هەروها ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بیستراو لە ناساندنی دیالێکتی کوردیی ناوەراست.

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە:

باسکردن و خستنەروو و پراکتیزەککردنی زاری کوردیی ناوەراست و پێگەی لە ناو ڕاگەیاندندا.

## ٤-١ گرفتەکانی توێژینەوەکە:

لەم تویژینەوە دا باس لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ناساندنی زمانی کوردی کراوە، بەڵام بە هۆی سنوربەندی تویژینەوەکە تەنیا لایەنە ئەرێنییەکانم وەرگرتووە .

## چەمک و پێناسەی ڕاگەیاندن

بۆ ئەوەی لە زاراوەی ڕاگەیاندن تیبگەین، پیویستە بزانین لەچی هاتووە . (زاراوەی ڕاگەیاندن لە زمانی عەرەبی وشەی (الاعلام ) ە و لە زمانی ئینگلیزی وشە ی (media) ی بۆ بەکاردێت، بەڵام لە بنەڕەتدا دەگەریتەوە بۆ وشە لاتینی (Communes) کە بە واتای بڵاو یان هاوبەشی دێت. (سليمان ،٢٠٢٢ ، ل٩ )

لە زمانی کوردیشدا زاراوە میدیا و ڕاگەیاندنی بۆ بەکاردێت واتا گەیاندنی زانیاری یان هەواڵ لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر. لە ڕووی زمانییەوە ڕاگەیاندن لە دوو بەش پێک دێت، مۆرفیم بەندی (ڕا) و چاوگی (ڕاگەیاندن) کە بەواتای گەیاندنی مەبەست دیت.

چەندین پیناسەی جیاواز بۆ ڕاگەیاندن کراوە لە خوارەوە دەیانخەینەروو :

ڕاگەیاندن: ( بریتیە لە گواستنەوەی هەواڵی هەموو ئەو زانست و ڕووداو و گۆرانکاریانەی ڕوو دەدەن، بە ڕێگایەکی گونجار لە ڕێگەی دەزگا و ئامرازەکانی گەیاندن و بلاوکردنەوە و وەشاندنەوە). (قادر ، ٢٠٠٣،ل١٤ ) ئەم پیناسەی سەرەوە زیاتر پیتی وایە ڕاگەیاندن تەنها ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و هەموو زانست و ڕووداوەکانە ، بەڵام چەندە ها مەبەست و ئەرکی تر دەپێکێت.

ڕاگەیاندن: (بریتیە لە بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕ و هەواڵ لە ناو خەلک دا لە ڕێگەی چەند کەناڵیکەوە لە پیناوی لێ حالی بوون و قەناعەت پێەێنان و ڕاکیشانی لایەنگری).(عەزیز،٢٠٠٤،ل٤٤)

بە پێی ئەم پیناسەیە ڕاگەیاندن ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و بیر و باوەرە ، بەڵام مە رج نیە تەنها ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و بیروباوەر بێت، بەڵکو چەند لایەنی تری هەیە کە لە ڕاگەیاندن باس دەکرێت و گرینگی پیدەدریت وەک : هاندانی جەماوەر، لایەنی کۆمەلایەتی ، لایەنی پەروەردەیی ،..هتد.

ڕاگەیاندن: (پرۆسەیەکە بە و هۆیەوە واتا و زانیاری بیرو بۆچوون لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسیکی تر ، واتا لە (نێرەر)ەوە بۆ (وەرگر) بەمەبەستی هێنانەدی ژمارەیەک ئامانجی ویستراو). (کەرکوکی، ٢٠٠٨،ل٧).

لەم پیناسەیەشدا لایەنی هەواڵ گەیاندنی فەراموش کردووە و پێی وایە ئەرکی گەیاندنی زانیاری و بیرو بۆ چوونە لە کەسێکە وە بۆ کەسێکی تر . بەشێکی زۆری ئەوانەی پیناسەی

ڕاگەیاندنیان کردووە وای دادەنێن کە ڕاگەیاندن تەنها بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و بیروباوەر بۆچوونەکان بەکاردێت ، بەڵام نەک تەنها بۆ هەواڵ بەڵکو بۆ چەندین ئەرکی تر بەکاردێت وەک: (رۆشنبیری،کۆمەڵایەتی، ئاینی،... هتد). بۆ ئەوەی پیناسەیەکی گونجاو بکەین بۆ ڕاگەیاندن پێویستە ناوەرۆکی پیناسە کە هەموو ئەرکەکە لە خۆبگرێت،بەم شیوەیەی خوارەوە :

ڕاگەیاندن: (ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و هەموو ئەرکەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنی دەنگی خەڵک بەلایەنی پەیوەندیداروە هەواڵەکانی لایەنی پەیوەندیدار بەجەماوە) .

## ئەرکی ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندن بەوەی کە چالاکیەکی تاکە کەسی و بەکۆمەڵ و جەماوەریشە وە بەشداری لەبیر و بوچوون و خستنەرووی ڕاستیەکان و ڕاگەیاندراوەکان دەگریتەوە ، بۆیە کۆمەڵێک ئەرکی جۆراوجۆر دەگەیە نێت، کە دەتوانیت ئەرکە سەرە کییەکانی ڕاگەیاندن بەم جۆرە بخەنیەروو:-
١- هەواڵگەیاندن: واتا گواستنەوە و بە دواداچوونی رووداو و بابەتە گرینگەکان، لەلایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە ، دەنگدانەوەیان بەسەر کۆمەڵگاوە ئەمەش وەک بەشیک لەخواستە سروشتیەکانی مرۆڤ ، بۆیە تێگەیشتن و ناسینی دەوروبەرەکەی و زانینی ئەو شتانەی لەدەوروبەری روودەدەن.

٢- دیموکراتی : یەکیک لەئەرکە گرینگەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دیموکراتیە ، ئەویش بە پیوەری وڵاتان خویان کەبازنەی بەر پرسیارتی تاک فراوان دەکات، لە دروستکردنی بریار و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و گورینەوەی بیرورا و بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئاشتیانە بۆ کتیبەکان.

٣- ڕۆشنبیرکردن: مەبەست لێی زیادکردنی رۆشنبیری تاکە ، لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کە خوی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئەزموونی داهێنەران دەبینیتەوە.

٤- کات بەسەربردن: پەخشکردنی بابەت و پروگرامی کۆمیدی، خە ندە ،ئامیز . بەشیک لە کاتە زیادەکانی جەماوەر پردەکەنەوە ، بەمەبەستی بەخشینی ئاسوودەیی پێیان.

٥- بونیادی کۆمەڵایەتی: هاوشانی دامەزراوەکانی تر وەک (خیران و قوتابخانە) گەشەپێدانی بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ دەبینن بە هۆی ئەو بابەت و بەرنامانەی بڵاوی دەکەنەوە و پەیوەندییان بە تاکەکانی کۆمەڵ و کەسایەتیەکانەوە هەیە.

٦- ریکلام و پروپاگەندە: ڕاگەیاندنەکان ڕیکلام بۆ کاڵا و شت و مەکە نوێیەکان دەکەن کە گرینگن بەلای هاوڵاتیانەوە ڕۆڵێکی دیاری بواری کار و بازرگانی دەبین کاتیک بانگەشە بۆ دەرفەتی کار دەکەن و بانگەوازی و داشکان و زیاد کردنی ئاشکرا بڵاودەکەنەوە .

ئەمانە لە گرینگترین ئەرکەکانی ڕاگەیاندن، لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین ئەرکی تری هەیە، کە هەندێک جار ڕاگەیاندن ڕۆڵی مامۆستا و بەخیوکەریش دەبینیت. وەک (ئەرکی پەروەردەیەی و لە ئەرکی سمینار و گفتوگۆ) (جواد ، ٢٠١٣ ، ل ٢٤).

## زمانی ڕاگەیاندن

بەر لەوەی باس لە زمانی ڕاگەیاندن بکەین چیە و چون هاتوتەکایەوە ، دەبیت سەرەتا جۆرەکانی زمان دەست نیشان بکەین.

جۆرەکانی زمان:

١- زمانی قسەکردن:- زمانی خەڵک و زمانی رۆژانەی ژیانە .

٢- زمانی زانستی:- زمانی گەیاندنی ڕاستییە زانستیەکانە.

٣- زمانی هونەری (ئەدەبی):- زمانی ئەدەبیاتە کە بریتیە لە قولبوونەوە و ڕەوانبێژی و لادانی فەرهەنگی...هتد (عوسمان ،٢٠١٣ ).

زمانی ڕاگەیاندن: ئەو زمانەیە لە سەر ئاستیکی فراوانی جەماوەر بڵاو دەبیتەوە . بەکار دیت ، هەروەها پردی پەیوەندییە لەگەڵ لق کانی زانست و زانیاری وەکو پانتاییەکانی بازرگانی و پیشەسازی ...لەبەرئەوەی بابەتی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگەی زانیاری و زانستەکان وستاوە.(مستەفا،٢٠١٧) . وە هەندێک لە تویژەران پیان وایە کە زمانی ڕاگەیاندن لە نێوان زمانی قسەکردن و زمانی هونەری (ئەدەبی) وەستاوە ، ئەگەر بەجۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ زمانی

ڕاگەیاندن بکەین دەشێ بڵێین زمانی ڕاگەیاندن زمانی پیشەکەیە بۆیە دەبێت بە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەبێ، چونکە نەزمانی قسەکردن و نە زمانی ئەدەبیش توانای گواستنەوەی ئەرکەکانی ڕاگەیاندنیان نییە، یەکەمیان لەبەر سادەیی، دووەمیان لەبەر قورسیەکەی.(عوسمان،٢٠١٣).

## تایبەتمەندیەکانی زمانی ڕاگەیاندن

بەشیوەیەکی گشتی زمانی ڕاگەیاندن ئەم تایبەتمە ندییانە لەخۆ دەگریت :-

١- یەکیک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن پیوستە هەڵگری خەسڵەتی کارەکی بیت و توانای دروستکردنی پەیوەندی جە ماوەری هەبیت . بە جۆرێک بە کۆد کردنی زانیارییەکان لە چوارچیوەی هێما زمانیەکاندا زورترین کاریگەری لەسەر جەماوەر بەجێبەێڵێت.

٢- زمانی ڕاگەیاندن پێویستە روون و سادە بێت و ئاراستەی هەموو کەسێک لە هەموو چین و توێژە جیاوازەکان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سادە وساکارییە ، زمانی ئەو پرۆگرام و بەرنامە تایبەتانە ناگریتەوە کە ئاراستەی توێژێکیان چینێکی دیاریکراو دەکرێن، وەک بەرنامە فەلسەفییەکان،زانستیەکان،گەردوونیەکان ... هتد ) .

٣- پاراو سەرنجراکێش بێت، بە جوریک لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکاندا شیوازی دەربرین و دانپێدانانی وشەکان سەرنجراکێش و پاراو بیت، بەواتا ئاسان دەربریت، نەک وشک و ناریک بێت.

٤- زمانی ڕاگەیاندن دورە لە درێژدادری و درکاندن و بەکارهێنانی وشەی زیادە لەکاتی قسەکردندا، هاوکات لە ناو جوانکاری و رەوانبێژیدا، رستەی کورت و پر و واتا بە کاردیت.

٥- زمانی ڕاگەیاندن زمانیکی نوی و سەردەمیانەیە ، پیکهاتووە لەو کۆدانەی روژانە بەکاردە هێنرین و زمانێیک نیە کە، کۆدەکانی ئیستا بەکارنەیەت، بەڵکو هاوکاتە بە وشە و زاراوە کانی سەردەم .

٦- زمانی ڕاگەیاندن بە گشتی زمانێکە بابەتییانە زانیاریەکان لەسەر روداو و کەسەکان دەگەیە نێت، ئەگەرچی بەپێی ڕاگەیاندنی حزبی، بەکارهێنان زمانەکە لە بابەتێتی دور دەکەویتەوە.

٧- نەرمی و لەباری بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندندا، بە و واتایەی زمانیکە توانای گوزارشتکردنی هەموو بابەتیکی هەیە و لە بارە ۆ گەشەکردن. (حەسەن، ٢٠١٥،ل١٠)

**تەوەرەی دووەم**

چەمک و پیناسە دیالیکت

دیالیکت زاراوەیەکی لاتینییە، لە زوربەی زمانی نەتەوە جیاوازەکانی جیهاندا بەکاردیت لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر زاراوەی دیالیک وشەی( Dialect ) و لەزمانی عەرەبی وشەی (لەهجە) و لە زمانی فارسی وشەی (گوش) و لە زمانی کوردیشدا جگە لە زاراوەی دیالیکت چەند زاراوەیەکی تری وەک (زار ، شێوەزار ، شێوە)ی بۆ بەکاردیت. (زمانیکی جێگیر و لە قالبدراو و بیَ گورانکاری نییە ، هەموو زمانەکانی جیهان دیالیکت و شیوەزاری جیاجیا دەگرنە خۆ کاتێکیش زمانی بەکارەێناوی کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی تر لە نێو چوارچیوەی هەمان زمان جیاوازیی ئاشکرای هەبێت ، ئەوە ئەو جیاوازییە پێی دەوتریت دیالیکت). (خوشناو،٢٠١٤، ٤٨) زماننانسەکان چەندین پیناسەی جیاوازیان بۆ دیالیک کردووە، هەر یەکێکیان لە روانگە و بۆچوونی خوی پێناسەی بۆ کردووە ، ئیمە لێرەدا چە ند پێناسەیەکی دیالیکت دەخەینەروو:

دیالیکت : بریتیە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن ، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر بە جیاوازی دەربرین و گۆکردنی دەنگەکان و شتەکان دەست پیدەکات). (شوانی ، ٢٠٠١ ،ل ٦٦ ). واتە نەم پیناسە بەروونی دەکاتەوە کە دیالیکت بە هۆی جیاوازی دەربرین و گۆکردنی دەنگ و وشە جیاوازەکان پەیدا دەبێت.

دیالیکت : ( بریتیە لە شیوە ئاخاوتنیکی سەر بەزمانیکە کە ئەو زمانە لەلایەن کۆمەڵێک خەلکەوە قسەی پیدەکریت ( رە سول ،٢٠٠٣،٣).

لەم پیناسەیشدا دەردەکەویت کە شیوازی قسە کردنیکە کە سەر بەزمانیکی دیاریکراوە لەلایەن خەلکەوە گفتوگۆی پێدەکرێت.

دیا لیکت : لە ناو بۆتەی زمانیکدا کۆبوتەوە ، هەر کۆمەڵەیەک خەڵک بە شیوەزاریکی جیاواز لە کومەڵەکەی ترقسە دەکەن ).

**جۆرەکانی دیالێکت**

دیالیکت چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە ، لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

١-دیالێکتی جوگرافی:

بڵاوبوونەوەی خەڵکی لە چوار چیوەیەکی جوگرافی فراواندا، دەبیتە هۆی دروست بوونی کەلێینی فراوان لە نیوان دیالێکتە جۆرا و جۆرەکاندا، شیوازی ئاخاوتنی جیایە،بە جۆریک هەندێ وشە و زاراوە لە ناوچەیەکی دیاریکراو بە کاردیت ، بەبێ ئەوەی لەناوچەکانی تر بەکار بیت.

٢- دیالیکتی کۆمەڵایەتی:

چەندەها جیاوازی لەنیوان خەلکیدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریەوە هەن، ئەم جۆرە دیالتکتە پەیوەندی بەئاستی ڕۆشنبیری و خویندن و لایەنی نەتەوەبیەوە هەیە ، کەوایە بەگویرەی بەرزی ئاستی رۆشنییری کەسیان لەگەڵ کەسانی تر جیاوازی لەنێوان ئاخاوتنیان دەبێت.

٣- دیالیکیتی تاکەکەسی:

ئەگەر دوو کەس سەر بە هەرمێک بن یان لە گەرەکێک یان دوو برا و لەیەکماڵدا ژیان ببەنەسەر و یەک ئاستی خوێندەواریان هەبیت ، ئەوا چەندە ها جیاوازی لەشیوەی قسەکردنیاندا هەیە، هەریەکەیان بە شیوەیەکی تایبەت قسەدەکەن کەواتە ژمارەی دیالیکتی تاکە کەسی بەقەد ژمارەی قسە کرانە .

٤- دیالێکتی رەچەلەکی :

ئەگەر لە شوێنکدا کەمینەیەک هەبێت، ئەوا ئەو کەمینەیە دیالیکتی باڵا دەستەکە بەشیوەیەکی تایبەت بەکاردە ەێنێت، ئەم دیالیکتە تایبەتە لە تیکەڵ کێشکردنی زمانی کەمینە و زمانی زورینە پەیدا بووە، ئەم تێکەڵکێشببوونە دیالێکتی تازە دروست دەکات ، بۆ نموونە رەش پیستەکانی ئەمریکا دیالیکتیکی تایبەت بە خویان هەیە کەبە (دیالێکتی رەش پیستەکان) یان(ئینگلیزە رەش پێستەکان) ناو دەبریت .

٥- دیالێکتی پیشەیی:

هەر پیشەیەک زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر پیشەیەک دیالیکی تایبەت بەخۆی هەیە،بۆ نموونە ئەگەر ئاخاوتنی پیشەیی زێرنگرێک وەربگرین،دەبینین وشەکانی(عەیار ، مسقاڵ،عەبە، سەنت ... هتد) بەکاردینیت.

٦- دیالیکتی تەمەنی :

شێوە ئاخاوتنی منداڵ جیاوازە لەگەڵ گەوران، منداڵ لە قۆناغی منداڵیدا بەو شێوەییە کە گەورە دەیانەوێ ، منداڵ لە کێبرکێدایە لەگەڵ زماندا لە رووی دەنگ و وشە و رێزمانەوە ، ئەو هەوڵداندایە بۆ لاسایکردنەوەی جوولە بەبیر کردنەوە ، بە شیوەیەک کە دەرئەنجام دیالکتیکی تایبەتی بۆ دروست دەبیت کە جیاواز لەگەڵ گەورەکان.

٧- دیالێکتی رەگەزی:

قسەکردنی پیاو لە قسەکردنی ئافرەت جیاوازە ، دەربرینی ئافرەتان لەگەل دەربرینی پیاوان جیاوازی هەیە، لە رووی شیوازەوە ، هەروەها لە رووی پلەی دەنگی لەهەندێک وشە، لە بەکارهێنانی دەنگی سەرسورمان یان گوزارشتەکانی سەرسورمان ئەم وردەکاری و جیاوازیانە وا دەکەن کەدیالێکتیک و پیاوان و دیالێکتیک بۆ ژنان لەسەرتاپای زمانەکاندا دروست بیت، واتە پیاوان بەزمانیک قسە دەکەن جیاوازە لە ەی ئافرەتان (خوشناو،٢٠١٤،ل٥٣).

وە چەندین جۆری تر هەن بۆ پەیدا بوونی دیالێکتی زمان وەک (دیالێکتی کاتی ، دیالێکتی لادێی وشارستانی ، دیالێکیتی رەمەکی و دیالێکنتی بەتی).

## هۆکارەکانی پە یدابوونی دیالیکت

بیگومان کۆمەڵێ هۆکار هەن کە دەبنە هۆی دروست بوونی دیالتیکت و پەرە سەندنی لە نێوان زماندا لێرەدا هۆکارەکان دەخەینەروو:-

١ - هۆکاری کۆمەلایەتی

٢- هۆکاری سیاسی

٣- هۆکاری جوگرافیایی و سروشتي هەڵکەوتوویی ناوچەکە

٤- ڕادەی ڕۆشنبیری و دواکەوتوویی کۆمەڵگا

٥- جیاوازی لە رووی لایەنی دەنگ سازی

٦- هۆکاری ئابووری

٧- هۆکاری میللی

٨ - هۆکاری کەسی و جیاوازی قسە کردن

(خوشناو ، ٢٠١٤ ، ل ٦١)

## زاراوەکانی زمانی کوردی

بۆ دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی ، بیروڕای جیاواز هەیە لە وانە (شەرەفخانی بەدلیسی،محمد ئەمین زەکی،توفیق وهەبی ، ...هتد) پۆلینی جیاحیان بۆ زاراوەکانی زمانی کوردی کردووە ، بەڵام لیرەدا بۆچوونی (جەمال نەبەز) دەخەینەروو :- لە کتیبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا بەمشیوەیە دابەشی کردووە کە بەلای هەموویان پەسەندترە:-

أ- کرمانجی ژووروو : ( بۆتانی، جەزیری، هەکاری، بادنیانی، ئاشتەیی، بایەزیدی ) .

ب - کرمانجی ناوەراست :
(سلێمانی،سنەیی،ئەردەلانی،گەرمیانی،هەولێری،کەرکوکی،سۆرانی،موکری،شارباژێری،پشدەری).

ج - کرمانجی خواروو : (فە یلی،کرماشانی،لەکی،کلەوری،خانەقینی، لوری).

د- گوران و زازایی؛ (گۆران، هەورامی زازایی ). (دزە یی ،٢٠١١،ل٢١)

## بەشی دووەم

### زمان لە نیوان و دیالتکتەکان و ڕاگەیاندندا:

دیالیکت و ڕاگەیاندن پەیوەندیەکی بەهیز لە نیوانیاندا هەیە، چونکە بەپێی بوونی زمان دیالیکت و ڕاگەیاندن بوونیان نابیت، وەزانیاری و گەشە سەندنی زمان بەرهەم نایەت.( زمان و دیالیکت لەسەرەتای میژووی مرۆڤایەتیدا رەنگە هەموو خەڵکی سەر زەوی بەیەک زمان قسە یان کردبیت . سەرەتا ژمارەیەکی کەم لەخەلکی یان کۆمەڵێ بچووک لێرە و لەوێ بەو زمانە رەسەنە قسەیان کردبیت، ئینجا وردە وردە زوارەی ئەو کومەڵانە زیادی کردووە و خواردنی تەواویان دەست نەکەوتووە بۆیە ناچار بوونە بگوێزنەوە بۆ شوێنی تر و کۆمەڵی تازە پێک

بەێن و بەتێپەربوونی ڕۆژرگاریش زمانە کەیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە . کاتیک ئەم کۆمەڵە دەگەیشتنە شوێنە تازەکەیان و لێی جێگیر دەبوون بەهەمان شێوەی ئەوان قسەیان دەکرد کەلێیان جیابوونەوە وردە وردە شێوە و وتنی تازە دهاتە ناو زمانەکەوە و ئەندامانی گروپە تازە کە شتە گەلیکیان دەوت ، توزیک لە زمانە رەسەنەکەی خویان جیاوازتر بو دوای ئەو گورانکاری بەسەر دەنگی وشەکاندا هات و دیالیکتی جیاواز لە زمان پەیدابوو). (ئەکرەم،٢٠٢١).

زمان و ڕاگەیاندن لە رۆژگاری ئەمرۆدا پەیوەستن بەیەکەوە ، چونکە دەبیتە هۆی ناساندن و گەشەسەندن و ئەو گورانکاریانەی کە بەسەر زمانەکەدا هاتووە. (لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە زمانیکی نوێ دروست بووە ، جیاواز لە زمانی ئەدەبی و زانست، بەنەرمی و سادەیی و ڕوونییەکەی گوزارشت لە ژیانی روژانە دەکات ، هەروەها شێوازی نوسین بۆ ڕاگەیاندن گەشەی بە ژیانەوەی زمانداوە ڕاگەیاندنە کانیش زمانیان گەیاندۆتە قوناغێکی نوێ لە رووی پاراوی لە گوزارشتدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەهۆی ڕاگەیاندنەوە گەشە دەکات و لەو سەردەمەکەی خویدا خوی دەگونجێنی ، وەڵامدەروەی خواستەکانی سەردەمە ، بەهۆی ڕاگەیاندنەوە دەربرین و گوزارشت و زاراوەی نوێ بڵاو بوونەتەوە ، لەبوارە جیاجیاکانی زانست و هونەر و سیاسەت و کۆمەڵایەتی، بە تایبەتیش لەرێی وەرگێران و وەرگرتنی هەواڵ و بابەتەکانی زمانە بیانیەکانەوە وە ک ( دیموکراسی،کۆمێنت ، ریکلام ....هتد ) بەمەش ئاسوی زمان فراوانتر بووە ، لە گەڵ ئەوەشدا کاریگەری گەورەی هەبووە بۆ لەیەک نزیکردنەوە و یەکگرتنی دیالتکتە جیاوازەکانی زمانێک ، لە دوای ئەو قوناغەوە زمانی ستاندارد سەر هەلدەدات کە خاوەن کومەڵێک خەسلەتیکی جیاکەرەوەی وایە ، لە هیچ دیالێکتێک ناچیت و بەدی ناکرێت (جراد ، ٢٠١٣، ل٢٥).

٢- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ناساندی دیالیکی کوردیی ناوەراست لە ڕێگەی : لە ئیستادا ڕاگەیاندن ڕۆڵ دەبینێ لە پیشخستنی زانیاری و گەشە سەندنی زمان لە چوار ریگای جیاوازەوە:

أ- ڕاگەیاندنی بینراو - بریتیە لە گەیاندنی پەیام ، پشت بەدەنگ و وێنە و نوسین دەبەستن(واتا بینراو و بیستراو و خونیدراو لە یەک کاتدا ) ، وەک تەلەفزیون و سینەما و ئینتەرنیت.

ب - ڕاگەیاندنی نوسراو - بریتیە لە وشەی نووسراو بۆ وەرگر دەگوێزنەوە ، بە کۆنترین هۆکاری پەیوەندیی جەماوەری دادەنریت، کە تائیستا پارێزگاریان لە مانەوەی خویان کردووە . هەموو ئەو چاپکراوانەوە دەگرتیەوە کە لەمادە دیاریکراوە، یان دیاری نەکراودا دەردەچین و ناونیشانێکیان هەیە بەشیوەیەکی گشتی رۆژنامە و گوڤار دەگریتەوە.

ڕاگەیاندنی بیستراو : بریتیە لە دەربرینی وتەیی، وەک رادیۆ ، ئەمەش کردوویەتی بە گرینگترین هۆکاری پەیوەندی جەماوەری، گرنکترین خەسڵەتی ئەوەیە ، بەربەستی نەخویندەواری بەزاندووە ، کە ڕاگەیاندنی چاپکراو نەیتوانی تێیپەڕێنێت، وەرگر تەنیا لە ریگەی هەستی بیستنەوە پەیامەکەی پیدەگات. ئەمە جگە لەوەی، دەتوانیت ڕووبەرێکی فراوان بگریتەوە و سنوورەکان ببەزینیت پەیامەکان بە دەنگ ئاراستە دەکرێن بێژەر و بەگوێرەی ناوەرۆک و مەبەستی دەقەکە یاری بە ئاواز و تۆن و هێزی سەر وشە و رستەکان دەکات، لە ڕێگەیەوە کاریگەری دروست دەکات .(هەمان سەرچاوەی پیشوو،٢٠١٣).

## رۆڵی ڕاگەیاندنی بیستراو لە ناساندنی دیالێکتی کوردیی ناوەراست:

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ناساندنی زمان و دیالتکتەکان، بە تایبەت لە ریّگای ڕاگەیاندنی بیستراو، چونکە هەم چینی خویندەوار و نەخویندەوار پەیامەکەی پیدەگات و ئاستی تیگەیشتنی باشتر دەبیت بۆ ئەو بۆچوون و زانیارییانەی دەخرێنەڕوو . ئەویش لە ڕێگەی ئەو پرۆگرامانەی کە بە دیالێکتی کوردیی ناوەراست یان هەر دیالێکتیکی تر پیشکەش دەکریت یاخود پرۆگرامێکی دیاریکراو بۆ ناساندنی زمانی کوردی. لیرەدا ژمارەیەک لە پرۆگرامەکانی(زمانێ مە ) لە کەناڵی (K٢٤) بە نموونەوە وەردەگرین، کە بەرنامەیەکی ئەدەبی و زمانەوانیە ، باس لەسەرەتایی دروستبوونی زمان دەکریت و پرسیار لە بارەی وشە و مانا و بنەمای وشەکانە و دەکریت کەلەلایەن(عزەدین زەکیزادە) پیشکەش دەکریت. لە دە بەرنامە پینچ بەرنامەی لێ وەردە گرین.

**یەکەم / فەرهەنگ و میژوویی زمان (مزگین عبد الرحمان)**

پ/ قسەکردن بەدەنگ بۆ کەی دەگەریتەوە ؟

(میژووەکەی زۆر کۆنە ، هەندیک بیروڕا دەڵێن مرۆڤ کە خوا خەلقی کردووە دەگەریتەوە . قسەکردنی ئاماژەیی و دەنگیش هەندیک جار بی واتا بووە ، بەڵام لە وەی کە بە واتا و ماناوە بیت ، هەر دەنگیک یان فۆنیمیک دوای لیکدانی بیتە وشەیەک قوناغێکی کۆنی هەیە ، بۆ نموونە ئەو دیالوگانەی کە نێوان خوا و مەلایەکتەکان یان پاش ئەوەی کە ئادەم خەلق کرا. ئایا بە چ زمانیک بووە؟ خواش وەکو مادی یان شتێکی رەمزی بووە یان بە سەیرکردن ، ئەمانە نەزانراون لەڕووی ئاینەییەوە و لەرووی زانستیەوەش بە هۆی ئیشکردنەوە یان ئازار و موسیقا و دەنگە سروشتەکان بۆ ١٢ هەزار سال پیش ئێستا دەگەرێتەوە).

واته ناتوانین به دیاریکراوی هیچ ئاماژەیەک رون بکەبینەوە ، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی باوەرپێکراومان نیە ، تەنها پشت بە گریمانە ئاینی و گریمانە زانستییەکان دەبەستین و هەر لێکۆڵینەوەیەکی نویَ بکرێت گریمانە و میژوویەکی تر دەدۆزینەوە.

پ / یەکەم نەتەوە یان ئەو کۆمەڵە مرۆڤەکیَ بوون کە رێککەوتن لەسەر ئەوەی هەندێک وشە دەنگی هەبیت پیکەوە بەکاریبین و بنە ناو لە یەکتری بگەن ؟

(میژوری ئەوە دەتوانین بڵێین کە مرۆڤی باشووری پێش حەسرپیلاستۆس هەبووە. ئەوان مروڤی دانا نەبوونە کە بەپێی ئەوە زاناکان باسی دەکەن، کاتیک ئەو مروڤانە گەشەیان کرد ئیتر بەرەو باکور هاتن، لە نێردەتاڵ ئەو شتە دەست پیدەکات ، مرۆڤی نێردەتاڵەکانیش بنکەیان کە لە باشوری تەواو دەبن، شارستانەیەکان لەو ناوچانەی ئیمەن، تەقریبەن لەو ناوچەیەوە دەستی پیکرد و ئەو حەزات و شارستانیەتی کە پیدەلین قسەکردن نوسین ).

واتە دەتوانین بڵێن لەو کاتە شارستانیەت و گوند نەبووە، مروڤ بە تەنها ژیاوە و پێویستی بە تێکەڵ بوون نەبودە کە نەیتوانیوە پێویستیەکانی ژیانی خۆیان پر بکەنەوە بونەتە گروپ و تێکەڵ بوونە هەندیک دەنگ و ئاواز بە کاربهێنن بۆ ئەوەی لەیەکتری بگەن.

پ/ ئەو پەرت بوونی زمانە چۆن دروست بوو ؟ بۆ هەموو مرۆڤایەتی یەک شێوەی ئاخاوتنی نەبوو ؟

ئەم پرسیارەش ڕستەیەکی قولە ، دەبیت بگەرێنەوە گریمانە ئاین و زانستیەکان ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت (ئیمە فێرمان کردوون و کردومانەتە شعوب ) ، زمانیکی مراعەت نەبوە بەکورتی یاخود تەورات زمانی عیبری بووە، نمروت توغیانی کردووە ، مروڤە دونیا و ژیانیان خۆش بوو و توغیانیان کرد، نمروت بورجی بابلی دروستکرد، شەری خوای کرد تیرەیەکی هەڵدایە ئاسمان و خوا بکوژیت بە خەڵکەکە بڵێت ئەوە من خوام کوشت، خوای گەورەش سەری تیرەکە بەخوێن دەکات بۆ دە نێرتەوە و دەڵێت تەواو ئەوە من کوشتم پاشان خوای گەورە غەزەبیان لێدەگریت و قەلاتەکە دەروخێنێت و نمروت توشی دەردێک دەبیت کە پێشکە دەچیتە لوتی و سەری لە دار و بەرد دەدات تا ئەمریت ، وە ئەو قەومەی لەگەڵ نمروت بون هەندێک بوونەتە (جنجیل یان قرت یان زمانیان گوراوە یان کەڕوڵاڵ بونە) بەم جۆرە پەرتبوونی زمان روویداوە .

لە ڕووی زانستیەوە : لە وانەیە لەسەرە تاوە سەرچاوەی مروڤەکانە لە باوکە ئادەمە یەک شت بوویێت، بەلام دواتر هۆکاری کۆچکردن یان ئابووری یان شەر ... هتد بۆ نموونە گرووپێک

هەبووە گروپێکی بچووک دواتر بوتە A١ و A٢ دواتر زیاتر بوونە بوتە A٤،A٣ ئینجا ,وای لێهاتووە. گروپی٤ لە١ A تینگەیشتوونە ، دواتر وای لێهاتووە کە بوونەتە زمانی جیا جیا). گریمانە و بیرورای زیاتر و جیاوازتر هەن کە بونەتە هۆی پەرت بوونی زمان ، بەڵام ئەمانە ڕوترین گریمانەن.

پ/ گەشکردن و فراوانبوونی زمانی کوردی بۆ کەی و کام قوناغ دەگەریتەوە ؟

گەشەکردن و فراوانبوونی زمان کوردی بەچەند قوناغێک دەگریتەوە :

قۆناغی پێش کۆن : کە تەنها هەندێک بەڵگەی تاریخی هەن.

قۆناغی کۆن : هەندێک نوسراوی فەرمی هەیە کە نوسینی سۆرمەرییەکانی لە دەستە.

قوناغی دێرین : کە لە ئیرانی دێرین دەست پیدەکات، زمانی ئاڤێستا هەبووە لە پاش ئاڤێستا (تاقی بیستوون و نەقسی ڕۆستەم) تەنها مولکی فارس نین مولکی کوردیشن، چونکە ئەو دەقانەی هەن لە کوردیە نزیکترن نەک فارس. هەتا میدییەکان هیچ ئاسارێکی وایی نیە جگە لە تاریخی هیرودیت. کتسیاس و گەزەنفون ، هەندیک شتی میدی وەکو ناوی شارو پاشاکان بدۆزینەوە.

قۆناغی ناوەراست: هەندێک گەشەی زیاتری پێوە دیارە ، هەندێک نوسراوی دیکە وەک (قەباڵەی هەورامان و پەهلەوی ئەشکان، پەهلەوی ساسانی) ، دەتوانین وەکو زمانی کردی سەیریان بکەین.

قوناغی دوای ئیسلام : قوناغی شیوەزاری تێدایە دوو سەد ساڵ پاش ئیسلام هەندیک نەتەوە بو ئەوەی زمانی خویان بەرە و پیشەوە بیەن بۆ نمونە فارسەکان رۆدەکەی و مەنچ هەری و دام غانی و فەردەوسی یان لی دروست بووە. ئیم ش لە و کاتەوە دە توانین بلێن بابە تاەیرە لێ کەوت کە بەدوو بەیتەکانی بەناوبانگە دوای بابە تاەیر دێتە سەر رێنسانسی و ئەدەبیاتی کوردی کە لەناوچەی باکورەوە دەستم پیکرد مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی ... هتد لەهەمان کاتدا لە هەورامی . لە مەولەوی دەستی پیکرد، وە بۆچی کە باسی زمانی کوردی دەکەین ناوی بابە تاهیری هەمەدانی دیت ؟ بابە تاهیر تەبعەکی ساسانی هەبووە و کاریگەری فارس لەسەر مابوو لەناوچەی لورستان بووە بویەش بەهەمان شێواز نووسیوویەتی ، دوای هاتنی ئیسلام نوسنیان بووە بەعەرەبی کە پیتی ئارامی بووە ، نەدە کرا دیسان ەی سەردەمی ئیسلامیەکان یان ئارامیەکان پیش عەرەبەکان بنوسری، بویە بەهەمان شێوازی ئەوانی نووسیووە و بەخەتێکی عەرەبی بەکار هێنا ، بەڵام مەلای جەزیری ئەو شیوازی نوسینی

خویانی بەکار هێنا و دیالیکتیان لە یەکتر جیاواز بوو و کاریگەری بابە تاهیر بەسەرەوە بووە و ڕاستە ناوی نەهێناوە بەڵام لە وشەکانی دیارە .

لێرەدا بۆمان دەردەکەویت کە شیوازی نوسین بە بینی قوناغەکان گورانی بەسەردا هاتووە و لەیەک قالب نەماوەتەوە.

پ/ سەرهەڵدانی دیالیکت و بن زار و شیوەزار بۆچی دەگەریتەوە ؟

ئەگەر بگەڕینەوە بۆ دووسەد سال یان سێ سەد سال جیاوازیەکی ئەوتۆ نەبووە لەنێوانیان ، بۆ نمونە پهەلەوی ئەشکانی باکورو پەهەلە وی ساسانی باشور کە کاریگەری زۆری بەسەر کورد هەبووە لور و فارسی دەچیتەوە سەر ساسانی کە دەتوانین بڵێن لوری نەوەی ساسانیەکان، بەڵام هەورامی و رازای و کرمانجی دەچیتەوە سەر ئەشکانی کە ڕەگ و ڕیشەی ئەوان پیێوە دیارە ، بەڵام لە نێوان هەردووکیان ) واتە بۆمان دەردەکەویت کە زمانی کوردی بۆ فارسی کۆن دەگەرێتەوە.

پ/ زمانی کوردی رەسەنایەتی خۆی پاراستووە یان زمانەکانی تر؟

کورد زمانی کوردی و ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە ، چونکە هەستی کوردایەتی وای کردووە ئەم ڕەسەنایەتی بمینیتەوە.

**دووەم/ فەرهەنگی زمانی کوردی عزەدین زەکیزادە:**

لە پرۆگراوە هەندێک وشەی زمانی کوردی خراوەتە روو لەرووی واتای فەرهەنگی بۆنمونە:

١- وشەی جواننا‌و: بریتیە لەودەنکە ئارەقەی نێوچەوانی نەخۆش دەردەکەویت کە لەسەرە مەرگدایە .

٢- وشەی هەڵزەنین: واتا هەڵخلیسکا بۆهەڵخەڵەتاندنیش بەکاردیت یاخود لەنێو ئیدیۆمدا زۆر جار دەڵین شەیتان زەلەی پێ برد کەسێک کەکارێکی هەڵە دەکات بەڵام کەسەکە باشە وای پێ دەڵێن.

٣- وشەی کوێرەمار: واتا مارێکی شێوە نابینا یان کۆرەماری پێدەوترێت لە هەندیک ناوچەی تر ئەم جۆرە مارە پێیدەوترێت کۆرەوەی باب ،کوێرەوەێ باب ،قولەوەی باب ئەوناوەی یەکەم لەسەر شێوەی مارەکە نانونراوە کەشێوەیەکە روخساری وەک نابینایە ،یان لەئەسڵدا نابینایە. هەندێک ناوچەی تر کۆرەوەی باب ،کوێرەوەی باب ،قۆڵەوەی باب نە بەکاردێت ئەم مارە

مارێکی کوشندەیە ،کەپێت وەدەدات ئەگەری مردنت زیاترە لەوەی رزگارت بێت لەمردن ،بۆیە ئەوەی بابەکە بەمانای ئازاری پێوەدانەکەیە .

٤- وشەی داودۆز: زۆرجار کەسێک کەشارەزای لەخۆرزگار کردن و کەمین و بۆسەدانەوە پێیان دەوتری کە کەسانێکی شارەزاو داودۆرنن بەڵام لەئەسڵدا ئەم دەستەواژەیە بۆشتێکی تر دروست بووە بۆ کەسانی شارەزاو لێهاتوو لە پەرینەوە لەکەمین و بۆسەکان داودۆز بەو جۆرە کەوە دەوترین کەشارەزای داوی راوچیەکان بووە راوچیەکان کاتێک داودەنێنەوە بۆئەوەی کەوەکان بگرن.

٥- ووشەی کاسە پشت:بەکیسەڵ یان رەقە دەوترێت کاسە پشت ئەو کلاوە رەقەی بەسەر پشتی کیسەڵەوە لەشێوەی کاسە جا هەندێک ناوچەی تر پێی دەلێن ( رەقە –رەقیاو)واتە بە هۆی پشتەکەیەوە ناونراوە.

٦- دەستەواژەی کێچت هەڵناو ( کێچت کەوتۆتە کەوڵی):ئەو دوو دەستەواژەیە بۆتە ئیدیۆم بەشێوەیەکی باو لەناو کوردەواریدا بەکاردێت بەو کەسە دەوترێت کە بەپەلەیە ،ئۆقرە گیر نیە.

٧- دادڵدە بەواتەی پەناگە یان حەشارگە یان بەواتای پشتیوانی دێت یان شوێنێک دەبێتە حەشارگەیەک لەشتێک رادەگەیت یان دەترسیت یانکەسێک دەبێتە پەناگەت لەپشت خۆی دەتشارێتەوە.

٨- پەلەواژی: مانای سەراوبن دێت یان سەراوژێر بوون دێت هەموو ئەو وشانەی سەرەو زیاتر لەوانە واتاکەی هەندێک جار لامان روون نیە لەفەرهەنگ روونکراوەتەوە بۆ چ مەبەستێک بەکاردێت یان لەچ شتێکەوە هاتوە جابەنوسراو بێت یا وێنە.

**سێیەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندا لەپاراستنی زمانی کوردی (عبدالکریم شێخانی)**

پ/کورد چۆن قسە دەکات؟

کوردی سادەو نەخوێندەوار،کوردی لادێیی ،کوردی کرمانجی ئەوەی نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری نەتەوەکانی دیکەو یچ کاریگەریەکی لەسەر نیە و بەکوردانە قسە دەکات بۆنمونە، (کەپشوی کۆرۆنا هەبوو هەندێ کەس کهەناسەیان سوار ئەبوو ئۆکسجینیان بۆ دادەنا لە ڕاگەیاندنەکان دەیانگوت هەناسەی دەسکردمان بۆ داناوە کهەناسە دروست ناکرێت،دەبوایە بگوترابا ئامێری هەناسەدانمان بۆ داناوە).

یان بۆنمونە، دەمێکە بەدوای وشەی (مەرجەح) دەگەرێن لەزمانی کوردی چی پێدەڵێن هەمووی دەیگەرێنەوە بۆ ( یرجح-یرجحون) لەکاتێکدا زمانی کوردی لەکەڵ زمانی عربی زۆر جیاوازن لەیەکتری بەتایبەتی زمانی عەرەبی ئیشتقاتیە زمانی کوردی تەرکیبیە لەچەن وشەیەک پێکدێت (مەرجەت) کەسێکە پرس و رای پێدەکرێت پرس و رای ئاینی یان پرس و رای دونیای لێدەکرێت ئێمە لەزمانی کوردی (برا گەورە و دەم راست و ریش سپی یان بریاردەر )مان هەیە لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ئێمە واتای ئامادەکراومان هەیە بۆچی بەدوای واتادا بگەرێین یان بگەرێینەوە بۆ زمانێکی دیکە ئەو واتایانەی بۆ بەکاربێت

پ/دەکرێ وەزارەتی رۆشنبیری رۆڵی بینینی کە مۆڵەت دەداتە دەزگای ڕاگەیاندن کەسێک هەبێت راوێژی زمانەوانی بێت لەدەزگاکان دابمەزرێت هەموو نوسینەکان هەموو بڵاوکراوەکان بەفلتەری ئەو برۆن پێویستە کارێکی وابکرێت؟

یان ئەکادیما دەکرێ رۆڵی سەرەکی ببینێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاری خۆیان دەکەن زمان هۆکارێکە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بەلام ئەرکی کارکردن لەسەر زمان؟

ئەکادیمی کوردی ببێتە پۆلیسی زمان و کەس نەتوانی بەسەر دەسەلاتی ئەودا بازبدات بۆنمونە کۆری زانیاری کورد هەبوو زۆر وشەی دانا دوای لێکۆڵینەوەی زۆر ئینجا وشەکان دهاتنە ناوە ،بەلام لەئێستادا ئەکادیمیا ئەو دەورە نابینێ هەم لەروی وشە سازیەوە هەم لەرویی رێنوسەوە،ئەو رێنوسەی کەلەسەری رێکەوتبوون خەریکە هەڵدەوەشێتەوە بۆنمونە ئێمە هەندێک وشەمان هەیە ئەگەر بە یەک(و) بنوسیت هەڵە دەبێت،بەلام هەندێک بەرێز رایان وایە ئەو (وو)ە راست نیە و دەبێت بە یەک(و)بنوسرێت:(کور_کوور) (کورد_ کوور)

یان بۆنمونە کورم سور دەزانم ئەو ماوەیە نەتخوێندووە، هەرخەریکی سەماو سودان، سوورِ بەواتای بەدڵنیایەوە ، دەزانم سوردان بەواتای (رەقسکردن ) دێت لێرەدا دوو وواومان پێویتە بۆ تێگەشتن لەواتای وشەکان و روونی بۆ تێگەیشتنمان.

پ /لەناو ڕاگەیاندندا زۆر باوە لە ئێستادا لەهەموو دۆخەکاندا وشەی لەئێستا ڕەت دەکەیتەوە یان ئێستا بەکاربەێنن؟

دەبێت ئێستا بەکاربێت وشەی لە( ئێستا)دا ڕەتدەکاتەوە بۆیە واپەسەندترە وشەی ( ئێستا) بەکاربهێنیت لەهەموو جیهان هەوڵدەدرێت زمان ئاسانتر بکرێت.

پ/ لەڕاگەیاندن وشەی (زۆرێک) بەکاردهەێنرێت بۆ نمونە زۆرێک لەبرادەرەکانم  سەردانیان کردم_زۆرێک لەبرادەرەکانم سەردانیانکرد ،زۆر خۆی وشەیەکی کۆیە تۆ تاکی  دەکەیتیەوە لەگەڵ ئەو رایەن ؟ لەگەڵ وشەی زۆرێک نین، بۆنمونە لەزمان کوردی ژمارەی نەبوو(چەند) بوو ؟ ئەوە دەژمێردرێت چەند بوو ئەوە ناژمێردرێت (هەندێک ) بوو ، بۆنمونە:  چەند داعشێک لە بری  ژمارە بەکارهاتوە.

یاخود بۆچی بۆ وشەی  زۆرێک  گونجاو نیە بۆ کۆمەل یان ....... گونجاوە؟ وشەی ( کۆمەڵ یان کۆمەلێک ) بەپێی شوێنەکەی خۆیان بەکاردێت بەلام زۆرێک دروستکراوە.

واتە هەموو وشەیەک  بەپێی گونجاوی  لەناو کۆمەڵگادا بەکاردێت.

**چوارەم/شێوەزاری خۆشناوەتی پێگەی لەدیاریکردنی  ناوەراستدا،(محمد جەمال)**

پ/ئایە شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی پێدەوترێت شێوەزار یان بنزار؟

ناتوانین بلێین زاری خۆشناوەتی چونکە دیالیکتی سۆرانی و بادینی  و هەورامی هەیە بەلام وەک زار بن  زاری خۆشناوەتی مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، ئەو زاراوەو وشانەن کە ئێستا لەخۆشناوەتی بەکاردێت، ناتوانین بڵێین تایبەتە بەخۆشناوەتی ئەوە تێکەڵە لەگەڵ بن زاری( رەواندزی و باڵەکایەتی خەیلانی و سورچی  هەروتی) هەندێک زاراوە و وشەمان هەیە تایبەتە بهەندێک گوندی خۆشناوەتی بەلام نەک بلێن تەواوەتی خۆشناوەتێ ، چونکە ئێستا لەبەشێکی خۆشناوەتی هەندێک زاراوە بەکاردێ بەڵام لەدۆڵی ەیران دۆڵی سماقولی شوێنەکانی تر بەکارنایەت  ئێستا زیاتر زمانی سەردەمی ئێستا بەکار دهەێنن،

واتە بیە ناتوانین هەموو وشە زارەکانی خۆشناوەتی تایبەتە بەخۆشناوەتی.، چونکە زار و بن زارەکان وەک و زمان وایە چونکە زمانێک هەموو وشەو زاراوەکانی ەی خۆی نیە تێکەڵەیەکی لەگەڵ زمانەکانی تر هەیە لەبن زارەکانیش بە هەمان شێوە.

پ/ سنوری جوگرافیای خۆشناوەتی:

سنوری جوگرافیای خۆشناوەتی  دابەشی  سەر دوو پارێزگا بوە( سلێمانی وهەولێر) زیاتر بەر هەولێر کەوتوە،دەکەوێتە باکوری پارێزگای هەولێر، بەشێکیان سەر بە ڕانییەن ، بەشێکیان سەربەکۆیەن ، بەشێکی زۆریان سەر بە قەزای شەقلاوەن، کەتایبەتە  بەخۆشناوەتی شەقلاوە،

هەندێکیان سەر بە خەلیفان و  قەزای رەواندزن لەرووی جوگرافیاوە لەرۆژهەڵاتەوە لەسەروو چاوەی بێت واتا دەست پێدەکات درێژ دەبێتەوە تا زیارەتی مەلا زادان لەرۆژ ئاوا،لەباکورەوە گوندی مەلکان دەستپێدەکات تاکو دەربەندی گۆمەسپان  زیاتریش کەچەن ناحیەیەکی هەیە وەک_(بێت واتا،بالیسان،باسترمە،ەیران،مەسیف،سەلاحەدین،سیکتان) ئەو ناحیانەی کەخۆشناوەکانی تێدا نیشتەجێن.

پ/پۆلێنکردنی شێوەزاری خۆشناوەتی بەپێی شوێنە جوگرافیەکان هەر یەکەیان  لەگەڵ کام دیالێکت شێوە ئاخاوتن لێک نزیکن؟

گوندەکانی هەرتەل وزێوە بێت واتە سەر بە ناحیەی بێت واتا سەر بە قەزای رانیەن، ئەو گوندانەی سەر بەوێن زیاتر شێوەزار و با زاری سلێمانیان  بەسەردا زاڵە بۆ نمونە خۆشناوەتی دەلێن (وارەین) سلێمانی دەلێت(ئەلێین).

 وە ئەو گوندانەی  کەدۆڵی سماقوڵی  تا دەگاتە دۆڵی عالیاوە دەگەرێتەوە زیاتر سەر بەکۆیەنە شێوەزار و بن زاری کۆیەیان سەر زاڵە.

وەئەوانەی لەدەشتی هەریرن تا دەگاتە باشوری ئەوانە نزیکن لە خەیلانی و سوچی و هەروتیان یان ئەو گوندانەی نزیکن لەسنوری ناحیەی خەلیفان رەواندز زیاتر شێوزاریان وەرگرتوە بۆنمونە خۆشناوەتی ئەلێن (داچێ مە) ئاوان دەلێن (داکا من) واتە هەندێک ناوچە وشەو و دەستەواژەی تایبەت بەخۆیان هەیەو کەبەکاردهەێنن و هەندێک لەوسەو دەستەواژەکانیان وەک و یەکە.ئەوە بەپێی دەسەلاتە سیاسیەکان دوای دابەشکردن ورێکخستن سستەمە ئیداریەکان ئەم گۆرانکاریانە درووست بوە بەلام لە بنچینەدا هەمووی خۆشناوەتێە شێوەزارێکی هاوبەشیان هەبوە ،ناگەرێتەوە سەر ئەو مێژوە.

پ/  ئەوەی خۆشناووەتی لەسەری  هاوبەشن؟و کۆیان دەکاتەوە چین؟

خۆشناوەتی ئەوەی زیاتر لەسەر  کۆکن تایبەتمەندیەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژن و پیاو لەکاتی قسەکردن لەیەکتری جیاواز دەکەنەوە، بۆنمونە ئەگەر بگەیتە ژنێک چۆنی پێدەڵێیت(ئە کوی) یان ئەگەر بگەیتە پیاوێک چۆنی پێدەلێن(ئێ کوی) ژنەکە جواب ئەداتەوە(ئۆ باشم) پیاوەک جواب  ئەداتەوە(ئێ باشم) واتە لەروی رەگەزەو شێوازی ئاخاوتنەکان دەردەبرن.

پ/ئایا فەرهەنگی دەنگارەیە یان شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی بەگشتی رۆڵی دەبێ لەدەوڵەمەند کردنی زمانی ستانداری کوردی؟

بێگومان حەق وایە ەتموو ناوچەکان و هۆز و عەشیرەتەکان شێوەزار و بنزار دەستەواژەکانی خۆیان  بنوسنەوە بۆ ئەوەی بهەمویان زمانێکی ستاندار بنوسرێتەوە، ئێستا زۆر بێسەروو بەرەیە ئێستا زمانی ستاندار و زیاتر زمانی رۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندن سەبارەت بە دەنگارەش پێی وایە دەتوانن کۆری زانیاری ئەگە ر ئیشی لەسەر بکەن سودێکی چاکی لێوەربگرن،

واتە هەموو رێگا و بنەماکانی بونی زمانی کوردی بەستاندار ئامادەیە  بەلام رێکەوتن بونی نیە، بۆیە نەبۆتە زمانێکی ستاندارِ

پ/پێشەکێکی بۆ نوسراوە

لەشوێنێک دەلێت دەکرێت هەندێک دەستەواژە سودی لێوەربگرێت لەشێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی  کەبۆ زمانی ستاندار سودی هەبێت، چونکە لەکوردیدا هەتا ئێستا رەنگە نمونەمان نەبێت یان هاوواتای نەبوە یان بۆی دروست نەکراوە ،لەکاتێکدا لەکوردی هەمانە کە شێوە ئاخاوتنی خۆسناوەتی تێدایە،؟(د.ئیدریس)

بۆنمونە( لەوزەتێن _ئاوەنێسە)

لەکاتی خۆی وسەی لەوزەتێن بەکار نهاتوە کاتێک کەسێک  قورگی  سوربۆتەوە پێیان وتوە ئاوەنێسەیتی یان ئاونێسەی هەڵساوە،(لافاو/ لێ مشت) جاران کە س لافاو یان فەیزان ئاوانە بەکار نەدهات دەیان گوت لێ مشت، ئاوێ هات (سوتان _تەقە لۆهات). ئەگەر کسێک بسوتابا دەیانگو(لەتەقە لۆهات) واتە ئێمە لەزارەکانی تر وشە و زاراوەمان؟ هەیە لەبری ئەوە واتای وشەی زمانەکانی تر  بەکاربەێنن دەتوانین پەنا  بەرینە بەر زارو بن زارەوەکان  بۆ واتا و هاو واتای وشەکانمان.

پ/ دەستەواژە کوردیەکان گەسەیان کرد لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک چەمک و دەستەواژەی نوێ شار هاتنە ناو گوندەکان و یان هاتنە ناو خۆشناوەتی ئەوە چۆن بوو؟

گۆرانکاری لەرووی  شێوەزار و قسەکردن زیاتر دوای سالی ١٩٧٨روویدا، ئێستا لەزۆربەی گوندەکانی خۆشناوەتی وەکو جاران قسە ناکرێت تەنها بەتەمەنەکان بەو بن زارە قسە دەکەن بەلام نەوەکانی ئێستا لەزۆربەی وشەو زاراوەکان نازانن واتە کە تێکەڵ بەشار بونن بن

زارەکیان وشەو دەستەواژەی نوێ  هاتەناوێگۆرانکاری زۆری بەسەردا هات شێوازی دەسەنیەکی نەماوە.

**پێنجەم/  زمانی باڵا دەست لە نێوان  مێژوی کۆنو ئێستا**(رزگاراسماعیل)

پ/ زمانی بالا دەست چیە؟

 زمانی بالا دەست پەیوەستە بە دوو چەمک یەکەمیان ململانەی زمان دووەمیان زمانەوانی کۆمەلایەتی؟

یەکەمیان ململانێی زمان:لەنێوان دوو زمانی جیاواز یان بەریەک کەوتنی زمانەکان، زمانی بالا دەست لەئەنجامی  زمانێک لەرووبەریکی زمانێک بەسەر زمانێکی تر زاڵ دەبێت بهۆی تەکنەلۆجیا ،کۆچکردن، پێگەی سیاسی،کۆمەلایەتی،ئابوری کە ئەم هۆکارانە وادهۆەن بە سەر زمانێک زاڵ بێت بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی  لەئێستادا  بالا دەست بونی بۆ تەکنەلۆژیا دەگەرێتەوە.

دوەمیان/ زمانەوانی کۆمەلایەتی لەناو کۆمەلەیەکی زمانی کەسانێک هەن شێوازی قسەکردنیان بالا دەستیان پێوە دیارە وەک (سەرکردەیەک لەگەڵ جێگرەکەی،مامۆستا لەگەڵ قوتابیەکا..هتد) هەموو ئەمانەش لە شێوەزاری قسەکردن دەردە کەوێ مامۆستایەک کاتێک ئە رکیماڵەوە بەقوتابیەک دەدات  ئەگەر ئەرکەکەی نەکردبێت  بەشێوازێک وەلامی وتابیەکەی دەداتەوە کەبالا دەستی پێوە دیارە، بویە زمانی بالا دەست لەم دوو سەرچاوەیە سەرهەڵداوە.

واتە زمانێک بەیەر زمانی دایک زالبێت پێی دەوترێت زمانی  بالا دەست جا بەهەر هۆکارێک ئەم زاڵبونە هاتبێتە ئاراوە.

پ/ئایا نوسراوی فەرمی هەبوو پێش سالی ٢٠٠٣ لەسنوری دەسەلاتدا، رژێمی عێراقدا بەکوردی؟

(هیچ نوسراوێکی فەرمی بەوشێوازە نەبوە کەدوای ٢٠٠٣ سەری هەڵدا، بەلام ئەو نوسڕاوە رەسمیانەی تەنها گوزارشتێکی گرنگی شوناسی زمانی کوردیان بەدەرخست،کەواتە شاعیرانی کورد و نوسران  ئەو نوسڕاوە رەسمیانە بەرەنگاری ئەو رژێمە بونەوە بتوانن زمانی کوردی لەشوێنی خۆی پێی لەق نەبێت).واتە پێش سالی ٢٠٠٣ هەمیشە هەوڵی سەرکەوتنی زمانی کوردی دراوە بەڵام خۆشبەختانە نەنوسران شاعیرانی کورد زمانەکەیان پاراستوە شتیان بەم زمانە نوسیوە پارێزگاریان لە کلتور و شونسی زمانی کوردی کردوە.

پ/ چۆن وابکەین  چەمکەکانی زمانی کوردی بچنە ناو زمانەکانی تر؟

دەکرێ لەرێگەی تەکنەلۆژیا ئازوری و بازرگانی وشەکانی زمانی کوردی بچێتە ناو زمانەکانی تر، بۆ نمونە بەشی زمانی کوردی لەزانکۆی چین کراوەتەوە کەفێری زمانی کوردیان دەکەن.

واتە کەرتی پەروەردەی رۆڵ دەبینێ لەوەی وشەو زارەوەکانی زمانی کوردی  بچێتە ناو زمانەکانی جیهان ئەویش لەرێگای کردنەوەی  بەشی زمانی کوردی لەناو زانکۆکانی جیهان بەستنی کۆربەندی و سیمنار و ناساندنی زمانی  کوردی.

پ/ئایا دەکرێ ئێمە زمانی  ئینگلیزی بکەینە هۆکارێک بۆ ئەوەی پێناسەی زمانی کوردی پێیی فراوان بکەین؟یان پانتای جوگرافیای ناسینی زمانی کوردی پێی گەورەتر بکەین؟

بەلێ دەکرێت لەرێگای زمانی  دووەم شوناسی کەلتوری زمانی کوردی بەدەرەوە بناسسێنین ئەوویش لەرێگای کۆنفراس پەیووەندی ئابوری هەرێمی کوردستان هەیەتی لەگەڵ ئەمریکا و چین.....هتد

کەسانێک زمانی ئینگلیزی دەزانن لەرێگەی بەیاننامەی زمانی  کۆردی بناسێنن واتە زمانی دوەم بکەینە هۆکارێک بۆ ئەوەی کلتورو و زمانی کوردی بەجیهان بنسێنین.

پ/ئایا زمانی بالادەست بۆتە هۆی لەناوچونی زمانی بەزبوون؟

نەخێر بەلام  وشەو دەستەواژەکانی  زمانی بالا دەست بەشێوەیەکی فراوان بەناو زمان بەزبوو بلاو بۆتەوە دەبێت هەندێک رێگا بگرێتە بەر بۆ ئەوەی زمانی بەزبون بەرەو لەناو چون نەچێت.

١- لەناو دام و دەزگاکان  زمانی بالادەست بەکارنەهێنرێت.

٢- لەپرۆسەی خوێندن زمانی بالادەست لاواز بکرێت.

٣- وەلەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەکارنەهێنرێت.

ئەم خالانە وادەکەن  کە زمانی باڵا دەست نەبێتە هۆی لەناوچونی زمانی بەزبوو.

پ/ئایا زمانی بەزبوو لە زمانی باڵا دەست دەبێتە هۆی لەناوچونی زمانی بەزبوو.

پ/ ئایا زمانی بەزبوو لەفەرهەنگی زماندا هەیە؟

بەڵێ زمانی بەزبوو: ئەو زمانەیە لەسنورێکی تەسکی جوگرافیا زمانێکی باڵادەست بەسەریدا زاڵدەبێت بههۆکاری سیاسی و ئابوریو پیشەسازی و بازرگانی بۆ نمونە کاتێک فەرەنسا جەزائیری داگیرکرد، کریگەری هەبوو بەسەر زمانی فەرەنسی کەلەرابردوودا و ئێستاش زمانی فەرەنسی دەزانن.

پ/زمانی بالادەست لە مێژوودا هەبوە؟

ئەگەر بگەرێینەوە مێژوو زمانەوانی لەسەردەمی هیندیەکان تاکۆتای سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ لەگەڵ سەرهەڵدانی زمانەوانی نوێدا بونی هەبوە بۆنمونە ، لەسەردەمی یۆنانیەکان زمانی لاتینی بالادەست بوو زمانەکانی تر بەچاوێکی نزم سەیر دەکران، دەبوایە ئاوانەی لەزمانی لاتینی و رێزمانی زمانی لاتینی دەکۆڵنەوە ، دەبوو فەیلەسوفبان، چونکە لەروانگەی فەلسەفە و لۆجیک لەزمانیان دەکۆڵیەوە،واتە هەتا زمانەوانی نوێ سەرهەڵدانی زمانی لاتینی بالادەست بوو هەموو زمانەکان فەرامۆشکرابون.

لەکوێ سەرجەم پرۆگرامەکان بۆمان دەردەکەوێت کەڕاگەیاندن رۆلێکی زۆری بینیوە لەناساندنی زمانی کوردی نەک تەنها دیالیکتی ناوەراست وهەموو ئەو زانیارانەی لەرێگەی بیستنەوە بەئێمە دەگات تێگەشتنمان زیاترە بۆی لەو زانیارانەی کە بەنوسراو بلاو دەکرێنەوە چونک نوسراوەکان جۆرە شێوازێکی رەسمی تێدایە هەموو رونکردنەوەیەک نادات بەلام ئەوانەی لەرێگای گفتوگۆ لەنێوان کەسێک یان زیاتر دەکرێت نمونەو رونکردنەوەی بەرچاوی تێدایە پێویستە وشەو زاراوە دەستەواژەکانی هەموو زارەکان کۆبکەینەوە زمانی کوردی فەرمی لێدروستبکەین وهەندێک وشەی بیانی هەن کەبەکاردێن بەلام کوردیەکی پەتی جوانی لەبەرامبەردا هەیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگا بیکاتە وشەیەکی چالاک و بەکاربەێنرێت ڕاگەیاندن لەم بابەتەشدا رۆڵ دەبینێ.

**ئەنجام**

١- لەکویٚ ئەم پێنج پرۆگرامەدا گرینگی بەزاری ناوەراست بەتایبەتی سۆرانی دراوە لەهەریەکە شێوە ئاخاوتنەکانی هە ولێر،خۆشناوەتی، سلێمانی.

٢- لەرێگای روونکردنەوەی وسەی کۆن و رەسەنەکانی زمانی کوردی و روونکردنەوەیان واتە رۆلیان لەزمانی کوردی خراوەتەروو، هەروها ئەو وشە و زاراوە هەلانەی لە راگەیاندا هۆاردێن خراوەتە روو.. روونکراوەتەوە کەبەردەوام بون لەم هەلە بەکارەنانە زیان بەزمانەکە دەگەیەنێ.

٣- پەیدابونی زمان و قسەکردن بەکارهێنانی دەنگ خراوەتە روو هەروەها دەرخستن و قۆناغەکانی گەشەکردن و گۆرانی زمانی کوردی و پەیدابونی و دروستبونی دیالیکت لەو پرۆگرامانە باسکراوە لەلایەن کەسانی پسپۆرەوە روونکراونەتەوە.

٤- گرینگی دیالێکتەکان لە دوتوێیی ئەم بەرنامانە جێگای فراوانیان بۆ تەرخان کراوە ڕۆڵی وەزارەتی رۆشنبیری ئەکادیمیای کوردی بۆناساندن و بایەخدانی دیالێکتەکان خراوەتە روو.

## سەرچاوەکان

### کتێبە کوردیەکان


١- خۆشناو، نەریمان عبدالله٢٠١٤، زارو زمان ، چاپخانەی هێڤی ، چاپی دووەم، هەولێر.

٢- دزەیی ، عبدلواحید موشیر ٢٠١١، زارە کوردیەکان ، چاپخانەی پاک ، چاپی یەکەم ، هەولێر

٣- شوانی ، رەفیق ٢٠٠١ ، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی یەکەم ، هەولێر.

٤ – عەزیز ، مجید سالح ٢٠٠٤ ، بنەما تیۆریەکان، راستی گشتی و ڕاگەیاندن ، چاپی یەکەم.

٥- علی و ئەمین ، بەکر عومرو شێرکۆ حەمە ٢٠٠٧ ، زار و شێوەزار ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی دووەم سلێمانی .

٦- قادر ، زیاد ، رەشاد ٢٠١٣ ، زمان و میدیا ،چاپخانەی رۆژهەلات ،چاپی یەکەم ، هەولێر.

٧- کرکوکی ، حەبیب٢٠٠٨ ، پێشەکییەک بۆ زانستی راگەیاندا ، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک.


### نامە ئەکادیمیەکان


١- جراد، چۆلی ئەسحەد ٢٠١٣ زمان لە راگەیاندی بینراو ، نامە ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

٢- حەسەن،فەرهادتۆفیق(٢٠١٥)،زمان لە ڕیکلامی کوردیدا،نامەی دکتۆرا،کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی.

٣- سلێمان ، ئازاد عزیز٢٠٢٢، سیاسەت ،پلانی زمان لەڕاگەیاندندا ، کەناڵە ئاسمانیەکوردیەکان لەهەرێمی کوردستان بەنمونە ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین.

**گۆڤارو رۆژنامەکان.**

١- رسوڵ ، سوداد ٢٠١٢ هەورامی لهەجەیە یان زمان ، گۆڤاری زمان ژمارە ١٣.

**لینکەکان.**

١- ئەکرەم ، ئاکام ٢٠٢١ ، زمان ودیالێکتەکان، https://zaniary.com/blog

٢- عوسمان، سکالا ٢٠١٣ ، زمان و ڕاگەیاندن...ئایا زمان ئامرازە یان ئامانج gulan media.com

٣- مستەفا، حسن ٢٠١٧ ، زمانی ڕاگەیاندن ، bassanrwandizy.blogspot.com

**پرۆگرامەکان**

١- عبدالرحمن ، مزگین ٢٠٢٢/١١/١٦ ، فەرهەنگ و مێژووی زمان ، ٢٤k

٢- زەکیزادە ، عزەدین ٢٠٢٢/١٢/٧ ، فەرهەنگی زمانی کوردی

٣- شێخانی ، عبدالکریم ١٤/ ٢٠٢٢/١٢ ، رۆلی ڕاگەیاندن لەپاراستنی زمانی کوردی.

٤- جمال ، محمد ١١ /٢٠٢٣/١ ، شێوەزاری خۆشناوەتی و پێگەی لە دیالیکتی ناوەراستدا.

٥-اسماعیل ، رزگار ٢٠٢٣/٢/١ ، زمانی بالادەست لەنێوان مێژووی کۆن و ئێستا.